## تۆمەت بۆ خەلكی كوردستان مەكەن!

## قسەی دلی خۆتان بەناوی كەسی دیكەوە مەكەن!

وەلام بە قسەكانی سكرتیری (ی.ن.ك)لە رۆژنامەی (الشرق الاوسط)دا

محسن كريم

چاوپێكەوتنەكەی رۆژنامەی (الشرق الاوسط)ی عەرەبی زمانی چاپی لەندەن لەگەل سكرتیری یەكیتی نیشتمانی كوردستاندا كە لە ژمارەی رۆژی ١٨ی ئەم مانگەدا بلاوبووەوە، دوو رۆژ دوای ئەوەش تەرجەمە كوردیەكەی لە كوردستانی نوێدا بلاوكرایەوە، لە چەند لایەنەوە ئەهێنێ قسەی لەسەر بكرێ، بەلام ئیمە بە كورتی تەنها لەسەر (٣)مەسەلە هەلویستە دەكەین، ئەوانیش بریتین لە:

١- سكرتێری یەكیتی نیشتمانی دەلێ خەلكی كوردستان ئەمریكا بە "پاریزەرو فریادرەس دەزانن و پی‌یان خۆشە سوپای ئەمریكا بۆ بەرپەرچدانەوەی هەرەشەی رژیم و تاقمی پشتیوانانی ئیسلام بینە كوردستانەوە"، بەلام سیاسەتی یەكیتی شتیكی دیكە كە بریتی‌یە "لە گۆرینی سەرتاسەری دیموكراتی بەدەستی عیراقیەكان و بە یارمەتی دەرەكی"!

٢- سكرتیری یەكیتی دەلی بەیانی كۆتایی ئەو (٦)لایەنەی ئۆپۆزیسیۆن كە لە ئەمریكا كۆبووینەوە ئاماژەی بە " عیراقی پەرلەمانی دیموكراتی فیدرالی" كردبوو، ئەمریكیەكان پرسییان كە هەمووتان لەسەر فیدرالیەت كۆكن، ووتمان بەلێ"، بەلام دوای چەند چركەیەك دەلی "گوتاری هاوبەشی راگەیەنراوی ئەو (٦ )لایەنە: عیراقێكی دیموكراتی‌ی پەرلەمانی‌ی سەربەخۆیە"!

٣- سەبارەت بە ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی، باسی چەند هیل دەكات و لەو نیوەدا باس لە هیلیك دەكات كە بروای ئەو لاوازەو رەسەن و سەرەكی نی‌یە، ئەویش ئەو هیلەیە كە" بانگیشتی لابردنی سزای ئابووری دەكەن و پشتگیری دەرەكی رەت دەكەنەوەو وتوویژ لەگەل ئەمریكا رەت دەكەنەوەو ئیمەش لەوباوەرەداین كە ئەوە مانای مانەوەی رژیمی عیراقی دیكتاتۆری دەگەیەنیت، چونكە ئەوانە دروشمی رژیمی عیراقن"!

دەربارەی خالی یەكەم پیویستە ئەوە بلیین كە ئەو قسانەی سكرتیری یەكیتی بەناوی خەلكەوە دەیكات ئەوە قسەی دلی خۆیەتی، نەك خەلكی كوردستان، چونكە خەلكی كوردستان لەماوەی ١٢ سالی رابردوودا ئاكامی سیاسەتی ئەمریكایان لە عیراق وكوردستاندا بە پیست و خوینەوە تەجروبە كردو، لە برسیتی، ئاوارەیی، دەسەلاتی میلشیا، نەمانی یاسا، رەشەكوژی ژنان، سەرگەردانی‌سیاسی، شەری میلیشیا، بیكاری و بێبەش بوون لە مافی هاوولاتی زیاتر شتیكی دیكەیان بە نسیب نەبوو.راستە ئەحزابی ناسیونالیستی كورد لەسایەی سیاسەتی ئەمریكاوە بوونە دەسەلاتدار لە كوردستانداو خیرو بەرەكەت و داهاتی كوردستانیان بۆ خۆیان پاوان كردو، لەسەر حسابی رەنج و سفرەی خالی ئەوان سەروەتی حیزبەكان و بەرپرسە حیزبیەكان و خاوەن كۆمپانیاكانی دۆستی ئەم حیزبانە گیرفانیان هەلئاوسا، بەلام خەلكی كوردستان زۆر باش لەوە تێگەیشتوون كە ئەمریكا نەك پاریزەرو فریادرەسی خەلك نییە، بەلكو مایەی نەگبەتی و كارەسات بووە بۆ خەلك و خەلكی كوردستانیشی كردۆتە قوربانی بەرژەوەندی‌یەكانی خۆی، ئیستاش ژیان و ئایندەی ئەو خەلكەی لەسەر ئاگری شەریك راگرتوە كە هەموو رۆژیك بە قیمەتی دلەراوكێ وترس لە سبەینێ، ژیان بەسەر دەبەن.بەلام یەكیتی نیشتمانی كە ناویرێ لەبەر ئەوەی كە هیشتا بە تەواوی لە ئەمریكا دلنیا نی‌یەو، هەر لەبەر ئەوەش هیشتا دەبێ بەشی ئاشتبوونەوەو ریگەوتن لەگەل ررژیمدا بهیلیتەوە، بۆیە ئەو قسەیەی دلی خۆی بەناوی خەلكەوە دەكات و، بۆخۆشی قسەیەكی‌دیكە دەكات، ئەویش ئەوەیە كە خوازیاری گۆرینی دیموكراتی‌یە، ئەگەر رژیمیش خۆی ئەوە



www.kurdistannet.org

بکاتو واز له دیکتاتۆریەتەکەی بینێ چی لەوە باشترە! ئیتر نە عیراق داگیر دەکریتو نە شەریش دەبێت! ئەمە شیوازی ناسراوی دیپلۆماسیەتی یەکیتی و بەگشتی بزووتنەوەی کوردایەتی‌یە!

دەربارەی خالی دوەمیش هەر لەماوەی چەند چرکەیەکدا تالەبانی دوو گوتاری جیاوازی ئۆپۆزیسیۆن بەیان دەکات، لە جیگایەکدا باسی عیراقی دیموکراتی پەرلەمانی فیدرالی دەکاتو لە جیگایەکی دیکەدا کە چەند سانتیمەتریك لەم قسانەیەوە دوورە، فیدرالیەتەکە قووت دەداتو لەجیگایدا ووشەی سەربەخۆ دادەنێ! هەلبەت جیێ خۆیەتی ئەوەش وەبیر بینینەوە کە هەر کاتیك تالەبانی ئەچیتە تورکیا فیدرالیتەکە دەکاتە عیلمانی و السلام! دەبێ جیاوازی نەبیت لە نیوان ووشەی فیدرالیەتو سەربەخۆو عیلمانیدا وا تالەبانی وەکو یەك بەکاریان دەهینێ!؟ لەوەش ناچێ ماناکەیان نەزانێ، بەلاّم ئەوەش دیسانەوە دیپلۆماسیەتی یەکیتی‌یە کە لەسەر پەتی جۆراجۆر یاری دەکات!

هەلبەت قسەی ئیمە ئەوە نی‌یە کە فیدرالیەت هیچ خیریکی بۆ خەلکی کوردستان تیدایە تا خەلك لە ناونەهینانی، یان لە دەست بەرداربوونی لەلایەن یەکیتی‌و هەر هیزیکی دیکەوە نیگەران بن، بەلاّم ئەوەندەی کە پیویستە قسەی لەسەربکرێ ئەوەیە کە خۆیان ئەحزابی کوردایەتی فیدرالی بەدەسکەوتی میژوویی ئەم چەند سالەی بزووتنەوەکەیان دادەنین، بەلاّم ئامادەشن بەوجۆرە سوكو سادەیە بیکەن بەژیر زمانی دیپلۆماسیەتەوە!

ئەوەندەی دەگەریتەوە سەر خالی سیٌهەم، سکرتیتری یەکیتی لیرەدا ناراستەوخۆ ئیشارە بە حیزبی ئیمە دەکات لەناو ئۆپۆزیسۆنی عیراقیدا، کە تەنها هیزبووینو ئیستاش لە عیراقدا هیزی سەرەکی‌و ئەسلین کە راشکاوانەو بێ دوودلی خوازیاری لابردنی گەمارۆی ئابوورین لەسەر عیراقو، تا ئیستا لە چەندین راگەیاندنو کۆرو وتار و لە چەندین ئاکسیۆنی نارەزایەتیدا ئەمەمان راگەیاندوە و، تەنانەت هەر ئیستاش لە دەرەوەی وولاّت کەمپینیکی جیهانیمان دژی گەمارۆی ئابوری‌و شەری ئەمریکا دژی خەلکی عیراق دەست پیکردوە، کە دەیان ریکخراوی کریکاری‌و حیزبی چەپو ئینساندۆست وشەخسیەتی رادیکال و ئازدیخواز پشتگیری ئەم خواستەو ئەم سیاسەتەی حیزبی ئیمەیان کردوە.بە پیچەوانەی ئەحزابی کوردایەتی‌و سەرجەم ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی نۆکەری ئەمریکا کە لەسەر ئەم سیاسەتە چەپەلەو لەسەر برسیکردنی خەلکی عیراق ئومیدیان بە گۆرینی رژیم یان بەدەستهینانی ئیمتیازیك لەم رژیمە بەستۆتەوە، ئیمە ئەم سیاسەتەی برسی‌کردنی خەلکی عیراقمان بە سیاسەتیکی درندانەو دژی بەشەری ناوبردوەو ریسوامان کردوە، لە کاتیکدا بەرۆشنی خوازیاری روخاندنی رژیمی درندەی لەهەوسار بەربووی بۆرژوازی بەعس بووینو هەین لە ریگای خەباتی سیاسی جەماوەری خەلکی عیراقەوە.

هەلبەت یەکیتی و پارتی ناکرێ بەراستی وەکو ئۆپۆزیسۆنی رژیم سەیریان بکرێ، چونکە خۆیان چەند جار ئەوەیان راگەیاندوە کە خوازیاری روخاندنی رژیم نینو، سالی رابردووش بە راگەیاندنی رەسمی ریزیان لەسەرۆکی عیراق، صدامی جەلادی خەلکی عیراق گرت.ئەوەتا ئیستا دەلین ئەو سیاسەتەی کە داوای لابردنی گەمارۆی ئابوری دەکات، ئەو دیکتاتۆرەی کە دوینێ لای ئەمان سەرۆکی بەریز بوو، دەهیلیتەوە! وەکو ئەوەی گەمارۆی ئابوری بۆ لاوازکردن و روخاندنی رژیمی بەعس دانرابیت و خەلکی عیراق تا ئیستا خیرو بەرەکەتیان لێ چنیبیتەوە! بەلاّم هەر هیزەکانی یەکیتی بوون کە لە تەموزی پاردا بەیاننامەو راگەیاندنەکانی ئیمەیان دەدری‌و، هەلسوراوانی ئیمەیان دەستگیر دەکرد لەسەر ئەو راگەیاندنانەی کە دژی هەرەشەکانی پاری صدامی خوینمژ لە خەلکی کوردستانو سیاسەتی ساتوسەودای هەردوو حیزبی دەسەلاّتدار بۆ کیشکردنەوەی دەستی صدامو رژیمەکەی بلاّویان دەکردەوە.

بێگومان ئەحزابی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازیو ئەحزابی کوردایەتی دوو ڕێگیان هەیە، یان پالدان بە ئەمریکاوە دژی صدام و، یان باوەشگرتنەوە بۆ صدامو ڕژیمەکەی.ڕێگای سیهەم نیە لای ئەوان، بۆیە حیزبێك وەکو حیزبی ئێمە کاتێك داوای لابردنی بێقەیدوشەرتی گەمارۆی ئابوری لەسەر خەلکی عیراق دەکاتو هاوکات بۆ ڕووخاندنی ڕژیم لەڕێگەی خەباتی جەماوەری خەلکەوە تیدەکۆشێ، بە عەقلی سیاسی خامئەندیشی ئەواندا ناچێت! بەلام دینای واقیع شتێکی دیکەی ئەو بۆچوونە ڕیاکارو چەواشەکارەی ئەوان دەسەلمێنێ.حیزبی ئێمە لە ١٢ سالی ڕابردوودا دوژمنی سەرسەختی گەمارۆی ئابوری بووە، هاوکاتیش دوژمنی سەرسەختی ڕژیمی بەعس بووە، چ لەپەیوەند بە خەلکی کوردستانەوە دژی گەڕانەوەی ئەم ڕژیمەو خوازیاری ڕیفراندۆم و جیابونەوەی کوردستانەو، چ لەپەیوەند بە خەلکی عیراقەوە ئەم حیزبە بۆ ڕیسوا کردنی ڕژیم لە ئاستی دەرەوەو ناوەوەدا تێکۆشاوەو، لەم ڕێگایەشدا قوربانی داوە، لەکاتێکدا ئەم حیزبانەی بزووتنەوەی کوردایەتی پەیوەندی ئاشکراو نهێنی‌یان لەگەل ئەو ڕژیمەدا دانەبریوەو ئیستاش ئومیدیکیان بە گەڕانەوە بۆ لای ئەو هەیە، سەرباری ئەم هاتوهاوارەی ئیستاشیان! ئەو باقیەکەی "ئۆپۆزیسیۆنە ڕەسەن"ەکەی تالەبانی بەکرێگیراوانی ڕژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران، یان ڕژیمە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەو، یان مووچەخۆرانی دەزگای موخابەراتی ئەمریکان کە بۆ بەستنی کۆنگرەکەیان "لەسەر خاکی وولات" پیویستیان بە هێزی پاریزگاری ئەمریکا هەیە!

ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی ڕاستەقینەی ڕژیمی بەعس، حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراقە کە لەگەل خواستی خەلکدا بۆ کۆتایی هاتن بە گەمارۆی ئابووری و دوورخستنەوەی سیبەری شەری ئەمریکاو دەسەلاتی وەحشیانەی بەعسدا ڕاوەستاوەو، بۆ ڕزگاربوونی جەماوەر لەهەردوو ئەو مۆتەکەیە قۆلی لی هەلمالیوە!

www.kurdistannet.org